# بەدەم ئێوارەیەکی سەر مەستەوە

# شتێک چاوەڕوانی

کە جار جارێک شەڕ لەیەخەی
پێکەنین ئەدەی
سەرسامیەکان ڕووەو ئاسمانێکی
بێهودە دەفڕن..
یان لە ڤینۆسم ئەڕە نجێنی
بەرەو ماکێک, لە چاوەڕوانی دا
بە دەم ڕۆحی شەوێ کمەوە
باندی فرمێسک
مەکۆی دایکی پازیم ئەدەن
تا ختوکەیەکی ڕەق
گازی پشتی فیرعەونەکانم
بزوێنێت
بەدەم ئێوارەیەکی تێزاوتر
لە خەم..
ئەو کات مندالیێم هەلوکەکەی
دەبەخشێ
لە ناچاری غەریبستاندا
بۆ ڕێگا لۆچەکان..
تا حیبرەکەی لە ئەلبومی
مندایم بسوێ
لە ژێر چەتری حەقیقەتدا
لە قەیاغی ئێوارەم ئەڕوانێ و
گوریسی چاوەڕوانی
بۆ شەمامەکانی
ئەو دونیام هەڵدەخات
نەزانانە ..
لە پالْ کەنار شێتی دا

گومان و پیاسەم
لیَ تیَك ئەدا و
چیرۆك چیرۆك ڕیگای
ڕوشاوی
ئەم ئیلاهیەم لیَ سەرەو
ژور دەكات
تۆش لەدێڕە عومرێكی
كۆنەوە
كلیلی بەشودانی ئاگربەست
بە زننجیری ملم دا
دەكەی..
كە دو بارە كرتە گەردنی مانگ و
شعوری شەوەكانی سامالّم
وەك مەرامێك
ئەویش پرچێكی خورمای
كەمێك درێژی بەخشی
بە ( پیر )ی
بە دیار ماتەمی مانگەوە
نزا لە پیرۆزەیت دەكات
تا شەكەت لەلاشەی دەربكات
تا چاو شاركیَ لە مردنی
( تەلّزم ) ی بەهارمدا بكات
تا یەكەم ( باز )ی فێری
فڕینی سحراوی باكات
ئەوكات
لەنەبونیەوە ئۆخەی
بۆ قەرەبوی ( دەمێك )
هەلّدەكێشیَ
كەمن بە ( پیر ) یش
ناتوانم
مشتێك بەفرو خوێنی
لیَ هەلّگۆزم

بۆ ڕۆحیانەت

بۆ گێلاسێك

بۆ ملوانەکەی منداڵیم..

پاڕنەوەش

لە بەرماڵی بەیانیدا دڕاو

ئێوارەش ڕقی لە خۆی بووەوە

تا پیاسەکانی بەجێهێشت

بۆ سەرابێك, و

تاتۆی جەهەنەم ی شەرمت

سپارد

لە ناوەخنی گەڵایەکی نارنجی

ڕچکەبەستودا..

بە دەم بۆنی کچە شاخێکمەوە

لە ئاوێنەی ڕوبارێکدا

ئەژنۆی شل شل

ڕاوی شوێن پێکانت دەکات

تا تەرمی گەڵایەك بە دیار

مردنەوە چاوی کل کات

گێژ گێژ ..

( پیر )ی کەمە زستانی

هەرزەکاری و

هەرزەکاریش بدەمە

فیراقی گەردنی ساماڵی

ژنێك

کەدور لەڕەفتاری

خودای

تکام ؟؟

جارێك لەشی ڕوتی

( لالەم ) بشۆ لە بەهەشتا

لەبەر ئاوێنەی ڕوباری

حەیاو

سیناریوێی یەکی پێکەنیناویتا..

تا لەدورەوە

چە پۆکەکان بکەن بە پرژە

جارێکی تر

لەنزیکی لا پەڕە دراوەکانی

صەفا

بە سەرسوڕمانەوە

یەخەی بەکرەکەی ئەجەل بگرە

تا دەپچرێم

وەك ملوانکەکەی گەردنت ....




دیار محمد

Deyar_mahamad@yahoo.com